# هەوڵدان بۆ بونەوە بەیەك لە ئەدەبیاتی نامەدا

## بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت"هیوا قادر- سەحەرڕەسای وەك نمونە

شاخەوان صدیق

"دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن نەکا ڕۆژێك وتبێت خۆشم ئەوێت، ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم"

﴾ئەحمەدی شاملۆ﴿

هەر لەوڕۆژەوەی مارکس هەستی بە زیانەکانی تەکنەلۆجیا و ئەو بلاّوبونەوە خێرایەی کرد، ئاماژەی دا بە کالّبونەوەو وردە وردە مردنی ڕۆح و هاتنە ناوەوەی ئەلترۆن بۆگشت کایەکانی ژیان وەدیلبونی مرۆڤ بە دیار شاشەی (TV) یەکەوە یان کۆمیوتەرو ئینەترنێت و هاتنە دەرەوە لە ناخی خۆی دورکەوتنەوەی لە ڕۆح ، کەوای کرد (جیهان بچوك بێتەوە بۆئەندازەی لادێیەکی گەورە) ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە بلّێین تەکەنەلۆجیا سودی گەورەی نەبووە بۆ هەندێك کارو باری ڕۆژانە، چونکە زۆر لە کاروباری قورسی ژیانی ئاسان کردوە، بەلاّم هەرچۆنێك بێت وای کردووە کۆمەڵێك لە تام و چێژە ڕۆحیەکان بسڕێتەوە وە لەناویان بەرێت. بۆ ئەمە (نامە) وەك نمونە وەردەگرین، کە هەرچەندە (فاکس و ئیمەیڵ) خێراتر دەگات، بەلاّم لەکاتی خوێندنەوەیاندا هەست بە ساردی گیانی دەکەیت و هەست بە داماڵینی ئیحساس دەکەیت تێیدا بۆیە ئێستاش نامە نوسین بەدەست و ناردنی تامی خۆی هەیەو چێژی خۆی ون نەکردوە، چونکە لەمەدا هەستێکی سەیری خۆی حەشارداوە لە کاتی خویمەوەیدا لێدانەکانی ترپەی دڵ زیادەکاتو بە کردنەوەی و هەڵپچڕینی بەرگەکەی و خوێندنەوەی یکەم

دێـڕی نامـە بەتایبـەت ئـەو نامەیـە، ئەگەرلـە خۆشەویـستەکەتەوە بـۆت هاتبێت ،

چونکە وەك شکستپیر دەڵێ"لە ڕاستیدا خۆشەویـستی جۆرێکە لـە ئـازار، بەلاّم بێبەشیش لە خۆشەویستی مردنە" هەرچەندە لـە کۆنـدا بـە هـۆی نەبونی ئامێرەکانی گەیاندنەوە نامـە نووسـین شـتێکی زۆر بـاو بـوە وەك پێویستی، بەلاّم چۆنیەتی و داڕشتنی وشەکانی نـاو ئـەو نامەیـە جۆرێـك لە جیاکاری بە نامەکە داوە، کە هەندێك جار دەیخاتە خانەی ئەدەبیـەوە بۆیـە بـەجۆرێك لـە نامـە دەوترێـت (نامـەی ئـەدەبی) کـە جیـاوازە لـە قــسەکردنی ڕۆژانــەی خــەڵك و جۆرێــك لــە مەعریفــەت لــە پــشتی دێڕەکانیەوەیـە هەیـە هـەروەك ئـەو نامەیـەی ئەکتـەری بـەناوبانگی جیهـانی (چـارلی چـاپن)بـۆ کـچەکەی دەنوسـتێت و دەڵێـت"کـچم مـن لـە ژیانـدا فریـشتە نـەبووم، بـەلاّم ئەوەنـدەی بـۆمکرا هەوڵمـدا مـرۆڤ بم" لێـرەداو لـە خوێنـدنـەوەی ئـەم دێڕانـەدا هەسـت بـەجۆرێك لـە گەمـە زمانیـەکان دەکرێـت، کـە دەشـێت جیـاواز بێـت لـە ووشـەگەلێکی سـاردی بێمەعریفەو وادەکات زمانێکی جیاوازو واتایەکی قوڵ بـە ڕسـتەکە بـدات یان وەك ئەو نامانەی شێوەکاری هۆڵەندی(ڤان کوخ) بۆ براکـەی دەنـاردو تیایدا باسی ئەو پاڵنەرانەی بـۆ دەکـرد کـە سـەرەڕای برسـێتی و هـەژاری وایلێدەکات بە دوای جوانیدا بگەڕێت. وبیرلە هونەر بکاتەوە.

هەنــدێك جــار ئــەم هونــەری نامــە نوســینە دزە دەکاتــە نــاو ڕۆمانــە گــەورەکانی دنیــاوە تــاموو چــێژێکی زۆر بــە بیرۆکــەی کارەکــە دەدات و ئەمەش بە ئاشکرا لە ڕۆمانەکانی

(پۆستایت گاردەر)دا دیارە کە نوسـەر دەیـەوێت لـە ڕێـی نامـەوە زانیـاری زیـاتر بداتـە خوێنـەر ئـەوەتا لـەڕۆمانی (جیهـانی سـۆفیادا)و لـە ڕێگـەی

مامۆستاکەی سۆفیاوە نامەیەکی تەواو فەلسەفەی دەنوسێت زۆر کورت، بەلاّم زۆر پڕ واتا بۆ سۆفیا و بە کردنەوە پڕ ترس و لەرزەی ئەم کچەوە، کە نوسراوە(تۆ کێیت) یان لە ڕۆمانی کچەی پرتەقاڵدا و لەڕێگەی نامە دورو درێژەکەی باوکی جۆرجەوە بۆ جۆرج کە دەپرسی'' ئێمە هەمومان لە یەك ئەفسانەی گەورەدا ژیانمان بە سەر دەبەین و کەسمان پەی بە نهێنیەکانی نابەین، ئێمە لە جیهانێکدا سەما دەکەین و یاری دەکەین و قسە دەەین و پێدەکەنین، بەلاّم هیچکامان نازانین بەچ جۆرێك سەری هەڵداوە'' ئەگەر لێرەدا ئەم دێرانە بە وردی بخوێنینەوە و بە ئەسپای بەدوای وەلاّمەکانیدا بڕۆین تێدەگەین کە نامە چ جۆرە سوودو تام و چێژێکی هەیە ئەو کاتەی کە زیاتر لە جارێك لە سوچێکی ژوورەکەتدا دادەنیشیت و بەتاسەوە دەیخوێنیتەوە، چونکە نامە هەندێك جار دەچێتە خانەی چیرۆکەوە والە خوێنەر دەکات

بە دوای دڕێڕەکانی بکەوێت تا کۆتایی، چونکە ئاشنابوون بە هەر دڕێك لە نامەکە ڕادەکێشێت بۆ گەیشتن بە چێژ لە دێڕێکی تردا ئەگەر چاو لە نامەو پڕلە سیحرو ئەفسونانە بکەین کە خانمی شاعیر (فروخی فەروخزاد) بۆ هاوسەری دوای خۆی (پەروێز شاپور)ی نوسیوەوە هەستێکی قوڵی ئینسانی دامان ئەگرێت و هەست بە ڕاستگۆیو ئارامی تەواو ئەکەین و لە حیکمەت و جوانیەکانی نامە تێدەگەین و چێژلە دێربە دێڕی ڕستەکانی دەبینین وەك ئەوەی کە لە ئێستاداو بۆ ئێمە نوسرابێت ، چونکە فرخ زۆر بە جوانی شارەزایانەو ئەدەبیانە دە نوسێت و تەواو  نوسینەکەشی پڕە لە ئینسان دۆستی و عیشق وەك دەنووسێت''خۆشم دەوێیت، خۆشم دەوێیت وەك منداڵێك کە زیاتر لە هەموو شتێك ئارەزووی لە ئامێزی گەرمی دایکییەتی، ئەگەر دایکی

سزای توندیشی بدات ئەو هەرپەنا بۆ داوێنی دەباتەوە، دەبێت ئەو هەستە چی لە مرۆڤ بکات کاتێك زەرفێك هەڵدەپچرێت پەلە پەل دەست دەکات بە خوێندنەوەی وەها دێرگەلێك، ئاخر نامە نەك دانی زانیارییەکانی ڕۆژەکانی ڕابردووە، بەڵکو بە ئاگابونە لە تێپەڕاندنی ئەو کاتانەی کە کەسی نووسەری نامە بەڕێدەکات.نامە مرۆڤ لە تەنیایی و بێهیوای ڕزگار دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ چرکە ساتێك کە تیایدا هەست بە جوانیەکانی ژیان بکەیت، واتلێدەکات کە ناخۆشیەکان لە چێژکردن بە شادمانیەوە بە ڕێکەیت ئەوەتا (فروغ) دەنوسێت "پەرویز گیان ئەمرۆ ئەگەر نەگریامایە دەخنکام، هیچ شتێك قەرەبووی تەنهای روحم ناکاتەوە، لە دەفرێکی خاڵی دەچم و لە گۆم ئاوەکاندا بەدوای گەوهەردا دەگەڕێم"

ئەگەر نامە تۆمارکردن چەند چرکەیەك بێت لە ژیانی مرۆڤ ئەوا دەکرێت هەوڵی خوێندنەوەی ئەو چەند چرکە ساتانە بدرێت کە لەو نامەیەدا تۆمار کراون و مرۆڤ پیایدا تێپەریون، ڕاستگۆی بەشێکی سەرەکیە بۆ چێژ بەخشین بە دێڕەکانی نامەو مانەوەی، ئەگەر جارێکیش بەوردی چاوێك لەنامەکانی (هیوای شاعیر بۆ سەحەری چیرۆك نووس)بکەین، بێشك هەست بەعیشق و ڕاستگۆیو چێژوو شارەزای ڕاستگۆی مەعریفەی و نوسینی ئەدەبیانە لەم نامانەدا دەکەین، هەرچەندە دڵنیام لە کاتی نوسینی ئەم نامانەدا بیر لەوە نەکراوەتەوە کە ئەم نامانە بکرێنە کتێب وبخرێتە بەردەستی خوێنەر، بەڵام ئەو جوان نووسینەی کە لەهەستی دوو مرۆڤی تەنیادا هەیە بێدەنگ نابێت لەبەرامبەر بڵاو بوونەوەی ئەمدێڕە جوانانەو ناتوانێت نەچێتە ناوخانەی ئەدەبیاتی (نامە)وە، چونکە ئەگەر بەوردی ئەم دێڕانە

بخوێنینەوە کـە هیـوا لەنامەیەکدا نوسـیویەتی بێـشك هەسـت بـەو توانـا ئـەدەبیو زمانەوانییـە دەکـەین کـە هیـچی کـەمتر نیـە لـە نویـسنی‌نامـە جیهانیەکان کاتێك دەڵێت:-"هەرکاتێك نامەیەکم پێدەگات.....گرنگ نیـە لـە هەرکەسێکەوە هاتبێـت خێـرا پـەلاماری ئـەدەم و دەیخوێنمـەوە، وەك ئەوەی لەنامەکەدا چاوەڕێی هەواڵێکی تازەبم پـێم بگـات دیـارە هەروایـە, چونکە نهێنی نامەکان لە هەڵگرتنی ئەو هەواڵە نادیارانەوە دێت  کـە لـە دورەوەو پێمـان دەگـەن وئێمـە نـازانین چـین" ئەمـە بـاس کردنـە لـەو دیاردە دەرونییەی کە کەسی وەرگـری نامـەی تێدایـە لـەو چرکەسـاتانەدا کەچاوەڕوانی بیستنی تەنها زانیارییەکە لەلایەن ئەو کەسەوەی کە خـۆی مەبەسـتیەتی و لـە پـڕ کـابرای پۆستەچـی لـە بـەردەمتا دەوەسـتێت و دەڵێــت "فــەرموو" دەبێــت چــەندە شــپرزەبیت تــا یەکــەم دێــڕی دەخوێنیتەوە، باشە دەبێت حیکمەت و نهێنی نامـە چیبێت دەکرێـت لـە ئێستاو لەکاتی خوێندنەوەی ئـەم دێڕانەدا ببیتـە ئەکتـەرێکی سینەمای‌و دەتوانیـت چـاو بنوقێنیـت‌و ئەوەبهێنیتـە بـە رچـاوی خـۆت کـە کاتێـك مرۆڤێـك بەتـەنهاو بـە تـرس‌و لـەرزەوە هـەموو توانـای بیرکردنـەوەو ئیحساسیەتی خۆی کۆدەکاتـەوەو دەبێتـە وشـە لەسـەر کاغـەزو دەیـەوێت بەو کەسەی کە دەستی نایگـاتێ کـە دوری کۆتـایی بـسیتی دەنگەکان‌و لـە ئـامیزگرتنی دەنگـەکان نیـە سـەیرکەو بخوێنـەوەو بـا تەنهانـەبیت بخوێنەوەو تێبگە کە ئێستاش مرۆڤێك هەیە کەوا بیر دەکاتـەوە هیـوا لـە چەند دێڕێکیدا لە نامەی ماڵت پڕبێت لـە سێودا دەدنوسێت مـن ئێـستا هـەرگیز نـاتوانم باوەڕبـە عەشـقێکی میـسالیانە هـەبێت بـەڵام بەشـێك لەشـەڕی عەشـقیش ئەوەیەکـە قـەد ناتوانێـت بێتـە ناوزانینـەوە دەنـا هەموو کەس دەستی بەو زانینە دەگەشـت‌و لیزانانـە عاشـق دەبـوو پێـشم

وایە هێندەی ئـاڵۆزی ئینـسان عەشـقیش ئـاڵۆزی تێدایـە، چـونکە عەشـق وروژاندنی ئاڵۆزییەکانی ئینـسانە. هـەرکاتێکیش ڕەچـەتەمان بـۆ عەشـق نوسی نیشانەی ئەوەیە ئێمە باسی هەموو شـێك دەکـەین عەشـق نـەبێت. ئەگەر چاو لێبکەین دەبینـین ئـەم دێڕانـە هیـچی کـەمتر نیـە لەنوسـنی دیراسەیەکی وردو جوان لە سەر عەشق وەئەوەش هەموو مەرامی کەسـی عاشق دەردەخـات بەرامبـەر بـەدەربڕینی هەسـتەکانی بـۆ مەعـشوقەکەی تاشـارەزاییانە لەیــەك نزیـك دەبنــەوە وەدەچـنەوە نـاو ڕۆحـی یـەکترو ئەگەر بۆ چرکە ساتێکیش بێت دوو جەستە دەبنە یەكو لەدنیای پـاکی ڕۆحەکان دا نوقم دەبن وەك ئەوەی فروغ بۆ پەروێز شـاپوری دەنوسـێتو دەڵێــت" حەزدەکــەم ئەوەنــدە بــچوك ببمــەوە بەئەنــدەزەی هێنــدەی باڵندەیـەك ئەوسـا بفـڕمو بـێم بـۆ لای تـۆ" ئـیتر دەبێـت چ شـتێك لـە گەیـشتنی نامـەو کردنـەوەی شـیرینتر بێـت کاتێـك هەسـت دەکـەیت لـە دوورە دەستانو لە شوێنێکی نادیـاری دنیـاوە مرۆڤێـك هەسـتو دڵـی لای تۆیـە و چـەندین کاتـژمێر تێپـەڕدەکات تـا بتوانێـت ووشـەگەڵێك بخاتـە سەر کاغەز.کە شیاوی خوێنـەوەی تـۆبن وەك هیـوا دەڵێـت" مـن لـەوڵاتی سپێتی بەفرو تۆ لە وڵاتـی سـپێتی نێرگـزەوە مـن بـەم هـەموو وڕێنانـەی خۆمـەوە تـۆش بـەو واق وڕمانـە سادانەی خۆتـەوە لـە بـەردەم بـاوکێکی هـیلاكو دایکێکی میهرەبانـدا مـن بـەم هـەموو زەغمانـەی خۆمـەوە بـەم هـەموو پارچـە شـکاوانەی سـەر دەسـتمەوە کـەهی خەونـەکانمن تـۆ بـەو هەموو خەیاڵانەی باخچە شیعریانەی فروغەوە کە وەك کچێك دەتـەوێت هەموو شتێك جوان بێت کە نابێت"

هیچ شتێك لە دونیادا لە دووری و دابڕان سەختتر نیە بەڵام ئەوکاتانـەی مـرۆڤ هەسـت دەکـات ئــەو دابــڕان و دوریانــە نــەیتوانیووە لــە کەســی

مەبەست دایبڕێنیت و بێئاگای بکات ئەوە ئەو کاتەیە کە نامەیەکت بەدەست دەگات و لەگەڵ دێڕاکانیدا دەفڕیت دەیخوێنیتەوەو هەست بە بەردەوامی ژیان و ئەو پەیوەندیە دەکەیت کە تۆی بەمرۆڤێکی ترەوە گرێداوە، ڕەنگە هەندێك جار مرۆڤ نەزانێت بۆچی دەنوسێت، بەلاّم هەرچۆنێك بێت نوسین دەبێتە بەشێك لە دامرکانەوەی حەزە شێتەکانی و بەردەوامی پێدەبەخشێت، ئەوەتا (سەحەر)لە وەلاّمی نامەکانی هیوادا دەڵێت"ئێوارە جارێکی ترنامەکەتم خوێندەوەو ئەو نامەی لە وەلاّمی نامەکەی مندا نوسیبوت پاش ئەوەی گەشتم بەڕستەی ئاخر(خۆشم دەوێت) چاوم نوقاندو نزیکەی نیو سەعات لەو حاڵەتەدا مامەوە، هەرچەندە بەردەوام بیرت دەکەم و بۆ ساتێکیش لێم دورناکەویتەوە، من ئەزانم بیرکردنەوە لە کەسێك بە چەشنێك کە ئیتر بە هۆی ئەوەوە دڵت لێدەدات زۆرجار نەخۆشت دەخات من ئێستا وام" کەواتە نامە تەزووی خوێنی دوو مرۆڤە لە چرکە ساتی گەشتنی نێوان دومرۆڤی سەر شێت دوای وتنی ئەو ووشانەی کە ڕەنگە هەندێك جار مرۆڤ نەتوانێت بە دەم بیان لێت، نامە هەموو ئەو نهێنیانە دەپارێزێت کە ئارەزوو دەکەن تەنها هی تۆبن ئەوەتا فەروغ دەنوسێت"فەروێزەکەم لە سەر زەرفی نامەکەت مەنوسە بۆ فەروغ، بنوسە بۆ فەروغەکەم، چونکە من خۆم بەهی تۆدەزانم" ئەگەر بەوردی سەیری هەموو ئەم ڕستانەمان کردبێت کە لەم نامە جیاوازانەدا بەکار هاتوون بێشك جیاوازنیە لە نوسینی شیعرێك یان چیرۆکێك بۆیە ناکرێت ئەمانە نەچنە خانەی ئەدەبیاتەوەو نەبنە ژانەرێکی بەهێز لە ئەدەبدا، چونکە چۆن لە خوێندنەوەی چیرۆکێك یان شیعرێك مرۆڤ چێژ وەردەگرێت بێشك لەم نامانەشدا هەست بەو چێژوو خۆشەویستە دەکرێت بۆیە

ماوەتـەوە بڵێن بـا ئـەم ژانـەرە گرنگـەی ژیـان و ئـەدەب لـە بـیر نەكـەین ،چونكە هیچ شـتێك بـە ئەنـدازەی نوسـینێكی جـوان ناتوانێـت مـرۆڤ لـە كاتێكی تەنیایدا ئاسودەبكات بەتایبـەت بـۆ ئـەو مرۆڤـە پاكانـەی كـە لـە پێناوی عەشق و خۆشەویستیدا ژیانیان لـە مەترسـیدایە و تـەنها بەنامـە دەتوانن هەست بەگەرمی هەناسەی مەعشوقەكانیان بكەن

تۆ لەدی مندایت و منیش ئەوەندە لە تۆ دورم

خودایە چ مەودایەكی دوور لەنێوان من و دڵ دایە

Shxi83@yhoo.com